کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

29-4-2007 21:26بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بە توندی دژی کوشتنی (دوعا) دەوەستین ... ناوەندی هاوکاری کورد و هۆلەندی**

لە کاتێکدا دەیان ناوەند و ڕێکخراوی هەم چەشنی ئێمە لە جێگە ی جۆراو جۆری ئەم جیهانە سەرقاڵی پەیدا کردنی دۆستین بۆ گەلەکەمان، لە کاتێکدا هەزاران پروپاگەندە بۆ بەشارستانی ناسینی کورد لەم لاو لەولا دەکەین، کەچی دەیان کەسی لە مێژوو بەجێماوی مێشک بۆش لەسەر شەقامی گشتی و بەبەرچاوی یاسا و پۆلیسەوە بە درندانەترین شێوە دەکەونە جەستەی ئەو مرۆڤە و شەهیدی دەکەن.. دەبێ چی وەڵامی خەڵکانی کۆمەڵانی پێشکەوتوی جیهانی بدەینەوە کە ئەم دیمەنە دەبینن و پرسیارمان ئاراستە دەکەن؟ ئایا شەرم نیە بڵێین ئەوانە خەڵکی سەر خاکی ئێمەن و لە وڵاتی ئێمەدا دەژین و خۆیان بە ئەسڵی کورد دەزانن؟ ئێمە وەکو ناوەندی هاوکاری کورد و هۆلەندی داوا دەکەین لە هەموو ئەو ڕێکخراو و ناوەندانەی کە نوێنەرایەتی یەزیدی دەکەن لە دەرەوەی وولات، هەڵبستن بە بەدوادا چوونی ئەو تاوانە و تاوانباران بدەنە دەست یاسا تا بەسزای خۆیان بگەن، لە هەمان کاتیشدا داوا لە دەستەلات دەکەین چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە عێراق خۆش نەبن لەو تاوانە و پشت گوێ نەخرێت، ئەگەر ئەوانە سزانەدرێن و نە کرێنە پەند بۆ مێشک پوچەکانی دیکە ئەوا ڕووداوی لەو چەشنە دووبارە دەبێتەوە، ئەو تاوانبارانە هیچ لە مشووری ئەوەدا نین کە وەک نیشتیمان پەروەرێک ئەرکی خۆیان بە جێ بێنن و ڕووی وولاتەکەیان بە شارستانی نیشان بدەن، بۆیە دەکرێت ئەوانە بە گێرەشێوێنیش لە قەڵەم بدرێن کە دژ بە یاسا و کولتور و کۆمەڵ دەوەستن ... ڕوو ڕەش بن ئەوانەی لەو جێگەدا ئامادەییان هەبوە و توانیویانە بێ دەنگ تەماشای ئەو دیمەنانە بکەن... ڕوو ڕەشتر بن ئەوانەی دەستیان لەو تاوانەدا هەبوە، نەفرەت لەو دایک و باوکەی ئەوەیان بریاردا... سلاو و چەپکێ گوڵیش بۆ سەر لاشەی بێگەردی ئەو کچە شەهیدە کە بووە هاوڕێی زین ... ... (ناوەندی هاوکاری کورد و هۆلەندی-خرۆنینگن)

www. knsc. nl

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.